لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق:داوا دەکەین گوشار بخرێتە سەر هەرێم تا پەلەی بکات لە بەئەلیکترۆنیکردنی موچەی فەرمانبەران

عەتوان عەتوانی سەکرتێری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ئەمە دوای کۆبوونەوەی لیژنەکەیان لەگەڵ تەیف سامی، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنوسان، رایگەیاند، "داوا دەکەین گوشار بخرێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پەلە بکات لەپێناسەی بە ئەلیکترۆنیکردنی موچەی هەمو فەرمانبەرانی هەرێم هاوشێوەی هەمو فەرمانبەرانی عێراق".

وتیشی وەزارەتی دارایی عێراق مانگی داهاتو ناتوانێت موچە رەوانەبکات چونکە لەبەردەم دادگا بەرپرس دەبێت

پەیوەست بە نەناردنی موچەی وەزارەتی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، سەرکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق رونیکردەوە، باسیان لێو پرسە نەکردووە و بەشێك لە کێشەکان حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ئەگەر بوترێت ئەو بابەتە لە وەزارەتی دارایی عێراقە نەخێر وانییە.